# مانگاشەو سەرلەئێوارە دیارە .... ئیدی هەڵبژاردنی چی؟

**گۆران قەرەداغی**

دوای داگیرکردنی کوێت و ئەنجا تێشکانی سەددام، دوای راپەڕینە شکۆمەندانەکەی کوردستان و شارەوە تراژیدیاییەکەی کورد و پاشان دیاریکردنی ناوچەی ئازاد و ئاسایش بۆ کوردان، کە زۆرینەی باشووری کوردستانی گرتەوە، زۆربەی لایەنە کوردییەکان و سیاسەتمەداران و رووناکبیرانی کورد، بە جۆش و خرۆشێکی سۆزدارانەوە چاویان لە کەوتن و رووخانی رێژیمی بەعس و سەددام حسێن بڕیبوو، هێندەیان پەلە بوو دەدگوت نانیان بە ساجەوە سووتاوە. ئەو دەمە بەندە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، نزام دەکرد خودای بانیسەر دەستی رەحمەت بە تەمەنی درێژی رسوایی و هەرزەیەتیی سەددامەوە بگرێ.

کە هەواڵی گرتنی کوێتم لە لایەن سەددامەوە بیست، لەگەڵ برادەرێکمدا کە ئێستا لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، لە بۆدابێستی پایتەختی مەجەرستان بووم، لە خۆشیاندا گەشکە گرتمی، کەوتمە هاوار و هەڵلا و قاقالێدان، برادەرە ئازیزەکەم واقی وڕمابوو، ئەو حاڵەتەمی بۆ هەڵنەدەهات. کە گومانم کرد وا خەریکە گومان لە شێتبوونم دەکات، کڕبوومەوە و بەکاوەخۆ پێمگوت:  مژدەم بەرێ، سەرفرازیی کوردستان بەڕێوەیە. وتی: یانی چی؟ ئەوە سەددام کوێتیشی خستە سەر ئێراق، دەها دوو هێندەی جاران دەستەڵاتی خۆی دەچەسپێنێ. لە وەڵامدا وتم: نا، ئەم کارە زۆر هەرزەیەی سەددام یەکسانە بە "خۆکوژی"، چونکە هەرەسهێنانی سیستەمی سۆڤیێتی و هاوەڵەکانی، دونیای گواستۆتەوە بۆ سیستەمێکی نوێی ئەوتۆ کە ئەم نێرەکەرییە قەبووڵ ناکات، جگە لەوەش سەددام بەم کارەی پشتیوانیی عەرەبانیشی لەدەست دا ودەروازەی دەرفەتێکی بۆ کوردیش خستەسەرپشت، ئەگەر سیاسەتمەدارانی کورد زرنگانە مامەڵەی لەتەکدا بکەن، کورد دەبێ بەشت.

بەڵێ، سەددام دوای ئەو کارە هەرزەیەی، نامەخوا... دەیان کاری تری هەرزیانەی کردن، کە ئەگەر گیانی قوبانییەکان و زیانە مادییەکانی لێدەرهاوێژین، سەراپای بیتاقەی بەخت بوون و بۆ کورد دەردەچوون. جا لەبەر ئەوە، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی لە سەرەوە باسم کردن، پێم خۆش بوو تەمەنی هەرزەیی سەددام هێندە درێژبایە، تا کوردی کیسەڵڕەوت قۆناخی ناتەبایی تەواو خاودەکردەوە و بە خۆی دەکەوت، تا ناوبەناو کەڵکێکی لە هەرزەییەکان وەردەگرت،  "بەکاوەخۆ" لە گرنگیی یەکگرتن، بۆ دەرفەتەکە تێدەگەیشت و رێبازی مافی چارەنووس و سەرفرازیی نەتەوەیی هەڵدەبژارد . بەڵام بەداخەوە، تەمەنی هەرزەیی سەدام تەنیا 12 ساڵ و نیوی خایاند، لە تەمەنی بێداربوونەوەی کورد کورتتر بوو، بەشی دووکەرتکردنی میللەت و دووسێ پێکهەڵپژانی خوێناوی کرد، بەشی تێکدانی پەرلەمانێك و  دامەزراندنی دوو ئەمارۆتکە و چەند ساڵێك وتووێژی بێبەری، لەمەڕ یەکخستنەوەی ماڵی کوردی کرد.

لە راستیدا لەنێوچوونی دەستەڵاتی سەددام، بەر لە ساڵ و نیوێك، دەرفەتەکەی بۆ کورد نوێکردەوە،  وەلێ نەك وەك ئەوەی دوای شەڕی کوێت درێژخایەن. بەر لە لێدانی سەددام بە چەند مانگێك، کورد دەیزانی کە لێی

دەدرێ و بۆخۆیشی هەم هاوپەیمانی ئەمەریکا و بەریتانیا بوو، هەم بەهێزترین پاساوی بە شەرعییەتکردنی لێدانەکە بوو. کەچی پارتە کوردییەکان، نە مانگەکانی بەر لە لێدانەکەیان بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد قۆزتەوە، نە بە هۆی رۆڵە گرنگەکەی کوردەوە مەرجێکی لەباریان سەپاند، تەنانەت نەك بەڵێنێکیان بۆ پەرەپێدان، بەڵکە بۆ کەمنەکردنەوەی ئەو ئازادییەش، کە راپەڕینە مەزنەکە و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیان فەراهەم کردبووین، پێ وەرنەگیرا.

کە دەستەڵاتی سەددامیش نەما، بۆ ماوەیەکی درێژ کەس لە ئێراقدا لەماڵ نەبوو. ئەمەریکا و بەریتانیای لێدەرچێ، گشت هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئێراقییەکان هێندەی پارتۆلکەیەکی کوردی هێزیان نەبوو، کەچی شتێیەکی چارەنووسسازی ئەوتۆیان بۆ کورد نەکرد، هەرچیشیان کرد، دوودڵی و بێپلانی و مونافەسەیەکی منداڵانە و چاوبرسییانەی پارتایەتیان پێوە دیار بوو. پێموایە کورد یەکدڵ و زوبان، چارەکێکی موفتەدا سەدر، پێی لەسەر ناوچە تازە رزگارکراوەکانی کوردستان – کە هەنووکە گرفتێکی گەورەن- دابگرتایە، هەر ئەو دەم بۆ کورد ساغ دەبوونەوە.

رەوشی فیدرالیزم، کە پارتە کوردییەکان بە گشتی و دوو پارتە دەستەڵاتدارەکە (پارتی و یەکێتی) بەتایبەتی، پێیان وایە گونجاوتلرین خواستی کوردە، بۆ ئەم قۆناغە و هەموو لایەنە هاوپەیمانەکانی نێو ئێراق و دەرەوەش پێی قایلن، وەك پێویست نەچۆتە پێش. لە دەمەدەمی لێدانی سەددام و تا ماوەیەکی درێژی دوای رووخانی سەددام، دوو حیزبە کوردییەکە لە خۆشی بونیاتنانی ئەنجومەنی حوکمی کاتیی ئێراق و بەشداربوونیان تێیدا، خواستی فیدرالیزمیان وەك ناوەرۆك پشتگوێ خست. ناوبەناو فیدرالیزم وەك دەستەواژەیەك ئاماژەی پێدەکرا و هییچ لایەنێکیش، بەتایبەتی کورد، خۆی لە ناوەرۆك و چۆنایەتی فیدرالیزمەکە نەدەدا. عەرەبان، بۆ پووچەڵکردنەوەی لایەنە ئێتنیکییە کوردییەکەی، پتر باسی فیدرالیزمی ئیداری و سەراسەریی ئێراقیان دەکرد، کوردیش زیاتر خەیاڵی لای حکومەتی ناوەندی بەغدا بوو. هێندە خۆشباوەڕ بوون مرخیان لە دەستەڵاتی ناوەندی خۆشکردبوو، ئیدی فیدرالیزمیان بە هەند نەدەگرت. (گارنەر)ی یەکەم حاکمی ئەمەریکایی لە ئێراقدا، کە گێڕایانەوە بۆ ئەمەریکا، لە راپۆرتێکدا بۆ (بۆش) ی سەرکۆمار دەنووسێ: " هەردوو سەرکردە گەورەکەی کورد (جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی )م بینین، بە وشەیەکیش خواستی کوردیان لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستانی ئێراق دەرنەبڕی، ئەوان خۆیان بە ئێراقی دەزانن و تەنیا دیموکراسییان بۆ ئێراق مەبەستە" سایتی کوردیش مێدیا.

کاتێ سەرانی کورد لە حوکڕانیکردنی ئێراق هیوابڕاو بوون، پێیان لەسەر زیادکردنی وشەی نەتەوەیی و جوگرافی، بۆ سەر دەستەواژەی فیدرالیزم، داگرت. ئیدی مێدیای حیزبەکان زاری پێناسەکردنی فیدرالیزمیان پڕا، هەر وەك پێشتر نەیانزانیبێ فیدرالیزم چییە و بە چی مەبەستێك بەرزکراوەتەوە. جار جاریش دەستێکی دڵنەواییان بە سەر بزووتنەوەی رێفراندۆمدا، نەك وەك ستراتیژ، بەڵکو وەك فشارێکی تاکتیکی، دەهێنا.

کەرکوك و ناوچە تازە رزگارکراوەکان و عەرەبی هاوردە و ئاوارەکانیش هەر بە دەردی فیدرالیزم چوون، ئەمانەشیان بە بیانووی ناسکیی رەوشەوە، نائارامیی ئێراقەوە، سەغڵەتنەبوونی تێرۆریستان و کۆنە

بەعسیانەوە، هێشتنەوە بۆ داهاتوویەکی نادیار. ئێشتاش لایەنە عەرەبە بەرپرسەکان، نیازی هێشتنەوەی شوێنەواری تەعریب و بەردەوامیی شۆڤێنیزمی عەرەبی، لە ناوچە غەسبکراوەکانی کوردستاندا، ناشارنەوە.
لە هەموو لایەکەوە، بەبێ شەرمکردن دەستی پیلان و ڕێگیری لە ئاساییکردنەوەی ناوچەکان وەردەدەن. ئەگەر ئەنجامگیرییەکی ئەم باسەمان بکەین، دەکرێ شاشییەکانی سەرانی کورد لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:
★- یەکنەخستنەوەی ماڵی کورد کە پلەی یەکەمی دەدرێتێ.
★- قایلبوونی کورد بە هاوپەیمانێتی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و لایەنە ئێراقییە پەیوەندیدارەکان، بێ دانانی هیچ مەرجێك و وەرگرتنی هیچ بەڵێنێك. چۆن خوێن بۆ جەستە پێویست بوو، ئاواش هاوپەیمانێتیمان بۆ ئەوان پێویست بوو. بەداخەوە هیچ کەڵکێکیان لەم خاڵە بەهێزە وەرنەگرت.
★- زێدەڕۆیی پارتە کوردییەکان لە بایەخدانیان بە پرسی دیموکراسیبوونی ئێراق و بە پەراوێزکردنی خواستە نەتەوایەتییەکان "خۆبەخشییەکی بێمانا".
★- دوودڵی و پڕکێشی نەکردنیان لە دابەزاندنێکی کۆنکرێتییانەی مافی بڕیاردانی چارەنووس، جا با فیدرالیزمی ئێتنیکیش لایەنە هەڵبژێردراوەکەی مافی چارەنووس بێت.

★- بەرزکردنەوەی خواستی فیدرالیزم بێ پێناسەکردن، بە بێ لێکۆڵینەوە، وردکردنەوە، بە دواداچوون و پەیداکردنی تێڕوانینێکی کۆنکرێت بۆ ئەم چەمکە. پێدەچێ تا ئێستاش هەر لایەنە لێکدانەوەیەکی خۆی بۆ فیدرالیزم هەبێ، ئەمیش بە دەردی ئۆتۆنۆمییەکە چوو.
★- بەشداریکردنی پارتەکانمان، لەپێشەوە لە ئەنجومەنی کاتیی حوکم و پاشان حکومەتی کاتی و ئەنجا پەرلەمانی ئێراقدا، بێ ئەوەی دەربارەی شێواز و چۆنێتی فیدرالیزم، دەربارەی دیاریکردنی ناوچە فیدرالیستەکان و چارەسەری ناوچە بەعەرە ب و بەعسیکراوەکان، دۆکۆمێنتێکی یاسایی ئیمزا کرابێ، یان داوای گەرەنتییەك کرابێ.
★- بەشداریکردنی ئەکتیڤانەی کورد لە ڕامالینی تێرۆریستان و پاشماوەکانی بەعسدا، کە گەلێ جارخراپ لەسەر ئاسایشی کوردستان شکاوەتەوە، یان دەشکێتەوە، دەستگرتنی ئۆپۆزێسیۆنی ئێراقی و هاریکاریکردنی بێچەندوچوونیان، یاریدەدانیان لە بونیاتنانی حکومەت و سوپا و ئاسایش و شەرعییەت وەرگرتنەوەی نێودەوڵەتیدا، بێ ئەوەی خواستەکانمانیان لە ئالی یاسایی و پراکتیکدا سەلماندبێ. ئەمە چی دەگەیەنێ زیاتر لە بازدانە ناو تەڵەیەکەوە؟ کە ئێراق شەرعییەت و پشتیوانی ناوچەکە و نێودەوڵتی وەرگرتەوە، چیمان بۆ دەکرێ؟ ئەو دەم بە گێرەشێوێن و جوداخوازەکەی جاران ناوزەدمان دەکەن، باوەجو هەر لە ئێستاوە دەستیان پێکردووە." ڕاگەیاندنە هەڕەشەئامێزەکەی سەرکۆماری کاتی ئێراق (غازی یاوەر) لە قەناتی ساتەلایتی ئەلعەرەبییەوە، ئۆکتۆبەری ی 5 2004.

ئەوانە هەموو پێکەوە ڕەوشێکی سایکۆلۆژیانەی لە دوو شێوازدا هێناوەتە گۆڕێ، یەکەم، نەگەتیف و خۆ بەکەمزانین بۆ کوردان. دووەم، پۆسەتیف و خۆ بە زلزانین بۆ عارەبان و تەنانەت ئەمەریکایی و بەریتانیاییەکانیش. ئەمە لەسەر ئاستی ئێراق و هاوپەیمانان. لەسەر ئاستی ناوچە و دونیاشدا، ئەو ڕەوشە

**دەبێتە هۆی پتر داندانی نەیاران لە دژمان و ساردبوونەوە و پاشەکشەی دۆستەکانمان.**

**ئێستاش گەرمەی پروپاگەندەکردنە بۆ هەڵبژاردنی سەراسەری لە ئێراقدا. ئەز بۆخۆم سەبارەت بە کورد، جێگای کورد و هەڵوێستی کورد هیچ تێناگەم. مافی فیدرالیزم وەك کورد دەخوازێ، بە گەرەنتییەکی یاسایی و نێودەوڵەتییەوە نەسەلمێنراوە. هێشتا ناوچە بەعەرەبکراوەکان نەدراونەتەوە دەست خاوەنە کوردەکانیان، کوردستانێتیشیان ددانی پێدا نەنراوە. بەندەکانی رێکەوتننامەکەی ئەنجومەنی کاتیی حوکمیش هیچ کاریگەرێتی نەماوە و لە کوولەکەی تەرپیشدا باس ناکرێن، لێرە و لەوێیش ناوبەناو ژاراوی شۆڤێنزم، لە لایەن کەڵە بەرپرسانی حکومەتی کاتی و لایەنگرانیانەوە، گا لە شێوازی هەڕەشە و تۆمەتی خەیانەت دانەپاڵ و گا لە شێوازی ئامۆژگاریی نەتەوەی زاڵمدا خۆی نمایش دەکا. ئیدی بەشداربوونی کورد لە هەڵبژاردنی گشتیی ئێراقدا، بۆ چی و لەپای چی؟ بە دەنگی خۆمان ماندات و شەرعییەت بدەین بە حکومەت و دەوڵەتێك کە تیایدا هاووڵاتی پلە دوو بین؟ کە تیایدا برابچووکی و بندەستیی خۆمان بۆ نەتەوەی سەردەست و زاڵی عەرەب بسەلمێنین؟ کە ئیدی بواری گەڕانەوە و لێدەرچوون، لە خۆمان بگرین و بۆ هەتاهەتایە کۆیلە بین؟**

22 ی ئۆکتۆبەری 2004

٭- ئەم وتارە بۆ هەفتەنامەی (چاودێر) نێردراوە کە لە باشووری کوردستان دەردەچێ.